# ئاگادار بن مەچن بۆ لای ئافرەتان

لە عوقبەی کوڕی عامرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئاگادار بن مەچن بۆ لای ئافرەتان»، پیاوێک لە ئەنساڕ ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەی ئەگەر (خزم)^ بێت؟ فەرمووی: «خزم بێت وەکو مردن وایە». ^(خزم: مەبەست کەسێکی نامەحرەمە وەکو خێزانی برا وئامۆزا وپورزا وهاوشێوەی ئەمانە).

[سەحیح - ڕاست]] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هۆشداریداوە سەبارەت بە تێکەڵبوون لەگەڵ ئافرەتە نامەحرەکان، وفەرموویەتی: خۆتان بپارێزن ودووربن لە چوونە لای ئافرەتان، وئاگادار بن با ئافرەتانیش نەیەن بۆ لای ئێوە. پیاوێك لە ئەنساڕەکان ووتی: ئەی سەبارەت بە کەسە نزیکەکانی مێرد؛ وەکو برا وبرازا ومام وکوڕی مام وبەو شێوەیە، لەو کەسانەی کە حەڵاڵە بۆیان ئافرەتەکە بخوازن ئەگەر هاوسەرگیری نەکردبێت؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: هۆشدار بن لەو شتە هەروەکو چۆن هۆشدارن سەبارەت بە مردن! چونکە بەتەنها بوون لەگەڵ خزمی مێرد هۆکارە بۆ فیتنە وتیاچوون لە ئاییندا، کەسە نزیکەکانی مێرد جگە لە باوك وکوڕەکانی لەپێشترن بەوەی ڕێگریان لێبکرێت لە تێکەڵبوون لەگەڵ ئافرەتەکە زیاتر لە کەسی بیانی؛ چونکە بەتەنها بوونی کەسی نزیکی مێرد لەگەڵ ئافرەتەکە زیاترە بە بەراورد لەگەڵ کەسی تر، وشەڕ وخراپە زیاتر ڕوو دەدات بە بەراورد لەگەڵ کەسی تر، وتووشبوونی بە فیتنە لەگەڵیاندا زیاترە چونکە دەتوانن بگەن بە ئافرەتەکە وبە تەنها بن لەگەڵیدا بە بێ ئەوەی لۆمە بکرێن، چونکە ئامادەبوونی واباوە ناکرێت ڕێگری لێبکرێت، و واباوە کە ناتوانرێت ئافرەتەکە نەبینێت، چونکە خووی زۆرێك لە خەڵکی وایە ئاسانکاری دەکەن لەمەدا بۆیە پیاو بەتەنها دەمێنێتەوە لەگەڵ خێزانی براکەی؛ ئەمە هاوشێوەی مردنە لە ناشیرینی وخراپەدا، بەپێچەوانەی مانەوەی پیاوی بیانی چونکە هۆشدارن لەوەی بەتەنها نەمێنێتەوە لەگەڵ ئافرەتەکەدا.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee